ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

53

10 ی شوبات/ فێبریوەری 2023



## بومەلەرزە تەنها کارەساتێکی سروشتی نیە!

**موحسین کەریم**

کارەساتی بومەلەرزەکەی چەند رۆژی رابردووی تورکیاو سوریا، کە هەزاران کەسی لەژێر داروپەردووی بیناو تەلارەکاندا زیندەبەچاڵ کرد، جارێکی دیکە ئەو راستیەی دووپات کردەوە کە کارەساتە سروشتیەکان، لەسەردەمی باڵادەستیی سیستەمی سەرمایەداریدا، بەتەنها هۆکاری وێرانکردن و کاولکردن و کوشتاری بەکۆمەڵی مرۆڤەکان نین، بەڵکو نایەکسانی چینایەتی و بەرژەوەندخوازی و چاوچنۆکی سەرمایەداران و راکردنیان بەدوای قازانجی خەیاڵیدا و پاشانیش بێدەربەستی دەوڵەت و حکومەتە بۆرژواییەکان بەرامبەر بەژیانی لێقەوماوان و کارەساتبارەکان، فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەرن لە بەرینبوونەوەو کاریگەری وێرانکارانەی ئەو کارەساتە سروشتیانە.

پێشگرتن بە روودانی کارەساتە سروشتیە لە سەردەمی کۆندا یاخود کەمکردنەوەی زیانەکانی کارێک بوو کە لەتوانای مرۆڤ بەدەربووە، هەربۆیە تا ئاستی پەرستن لەبەردەمیدا دەستەوەستان بووەو کرنوشی بۆ بردووە! بەڵام گەشەو پێشکەوتنە سەرسورهێنەرە تەکنۆلۆژیەکان لە سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا ئەو ئیمکانەی بە مرۆڤایەتی داوە کە بتوانێ زۆر دیاردەی سروشتی کۆنترۆڵ بکات و بگرە هەندێجار بە قازانجی خۆی بەکاریبهێنێ! بۆنمونە دروستکردنی بەنداوەکان کە لەلایەکەوە بەر بە کارەساتە وێرانکاریەکانی لافاو دەگرێت، بۆ کۆکردنەوەی ئاوو بەکارهێنانی لەبواری بەرهەمهێنانی کارەباو بۆ کشتوکاڵ و گەشتیاری

بۆ لاپەرە ٢

**وەڵام نەدانەوە بە خواستەکانی خەڵکی دەربەندیخان بۆ دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە، کارەبای ٢٤ کاتژمێری و رێگاوبانی سەلامەت، بێباکی دەسەڵاتداران بەرامبەر بە ژیانی خەڵک نیشان دەدات!**



## ئایا کێشەکانی هەرێم چارەسەر دەبن!؟

**عوسمان حاجی مارف**

بۆ لاپەرە ٣



## ووتەی دەشتی جەمال لە خۆپیشاندانی "رۆژی پشتیوانی لە خرۆشانی خەڵکی ئێران" رۆژی ٨ ی شوبات لە لەندەن

بۆ لاپەرە ٤



## داوای دابەزینی بەهای دۆلار یان زیادکردنی کرێ؟

**جەمال موحسین**

بۆ لاپەرە ٦

- بەیاننامەی کۆمیتەی سلێمانی سەبارەت بە بڕیارەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی!
- بەیاننامەی رێکخراوی دەرەوەی حزب سەبارەت بە مانگرتنی کرێکارانی فەرەنسا! ....... دوا لاپەرە

سەردانی وەفدێکی کۆمیتەی سلێمانی بۆلای خۆپیشاندەرانی شارۆچکەی دەربەندیخان ................لاپەرە ٧

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی......بومەلەرزە تەنها کارەساتێکی سروشتی نیە!

و تاد... بەکاربهێنێ! یان سیستەمی کەشناسی پێشکەوتوو کە بەر لە رودانی لافاو هەنگاوە پێویستەکان بۆ پاراستنی ژیانی هاوڵاتیان دەستنیشان دەکات.... تاد.

گومان لەوەدا نیە کە بومەلەرزە یەکێکە لەو دیاردە سروشتیانەی بەپێی ئاستی تائێستای زانست، ئیمکانی ئەوە نیە پێش بەرودانی بگیرێ، بەڵام دەکرێ پێش بە ویرانکاریەکانی بگیرێت. ئەگەرچی تائێستا هیچ بەڵگەیەکی زانستی نەخراوەتەروو سەبارەت بەوەی کە دەتوانرێ بەماوەیەکی زۆر پێش رودانی، پێشبینی رودانی بومەلەرزە بکرێ، بەڵام ناوچەکان و هێڵەکانی رودانی بومەلەرزە و هۆکارەکانی رودانی بەتەواوی ئاشکرایە و زانستی جیولۆجی و زەویناسی ئەوەی روونکردۆتەوە. بۆیە دەبێت سیستەمی بیناسازی و تەلارسازی لەو ناوچانەی کە دەکەونە سەر هێڵی بومەلەرزە، بەجۆرێک بێت و بیناکان بەجۆرێک دروست بکرێن کە کاریگەری بومەلەرزە بۆ کەمترین ئاست کەم بکەنەوە.

یابان یەکێکە لەو وڵاتانەی کە دەکەوێتە سەر هێڵی رودانی بومەلەرزە، بەڵام سیستەمی تەلارسازی و رێکارە زانستیەکانی سەلامەتی بۆ پاراستن و کەمکردنەوەی زیانەکانی بومەلەرزە بەشێوەیەکی باش رەچاوکراوە. بۆیە بە بەراورد بە وڵاتانێکی وەکو تورکیاو ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەراست، لەهەر روداوێکی بومەلەرزەدا بەهەمان پلە و توندی، کەمترین زیانی مادی و گیانی دەبێت. ئەگەر سەرمایە کەمێک لە چاوچنۆکی و قازانجپەرستیەکەی کەم بکاتەوە، کۆنترۆڵکردنی بوومەلەرزە سەخت نیە!

بەڵام ئەوەی کە لە سوریاو تورکیا روویدا، بە سەدان تەلارو بینا روخان و هەزاران کەس گیانیان لەدەستدا داو هەزارانیش بریندارو رەنگە رێژەی مردنەکان بەرزتریش بێتەوە، بەوەی کە هێشتا ژمارەیەک خەڵک لەژێر بینا روخاوەکاندان، هۆکارەکەی ئەوەیە کە چ لەرووی تەلارسازیەوەو چ لە رووی هەنگاو و رێکارە زانستیەکانی پاراستن و خۆپاراستن لەکاتی رودانی بومەلەرزەوداو هەروەها فریاکەوتنی لێقەوماوان...لەئاستێکی یەجگار خراپدا بوون. دیمەنەکان ئەوە نیشان دەدەن کە لەناو ریزێک تەلارو بینای روخاوو تەختبوو لەگەڵ زەویدا، چەند بیناو تەلاری دیکە بەسەلامەتی ماونەتەوە. ئەوە دەرخەری ئەوە راستیەیە کە بەکارهێنانی کەرەستەی گونجاو لە دروستکردنی بیناکاندا هۆکارێکی پاراستنی ئەو بینایانە بوون لە روخان! بەوجۆرە ئەوەی روونە ئەوەیە کە چاوچنۆکی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکانی تەلارسازی لە بەکارهێنانی کەرەستەی خراپ بۆ دروستکردنی ئەو بینایانە هۆکارێکی راستەوخۆی ئەو هەموو قوربانیەیە.

لەلایەکی دیکەوە، نەبوونی رێکاری زانستی بۆ تەلارسازی لەو ناوچانەدا کە لەسەر هێڵی بومەلەرزەن لەلایەن دەوڵەتەوە، نەبوونی هیچ جۆرە ئامادەکارییەک بۆ پاراستنی هاوڵاتیان، نەبوونی هیچ جۆرە رێنماییەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بومەلەرزەدا لەکاتی روداندا، نەبوونی هیچ پەناگەیەک و تیمی راهێنراوی پێویست بۆ فریاکەوتنی قوربانیەکانی بومەلەرزە لەلایەن دەوڵەتەوە، بێدەربەستی رژێمە سەرمایەداریەکانی ئەو دوو وڵاتە بەرامبەر بەژیانی ئەو خێزانانە نیشان دەدات، کە زۆربەیان لە چینی کرێکار و کەمدەرامەتی و هەژاری ئەو دوو وڵاتەن! گومانی تێدانە نیە ئەوە بینا و شوقە کواڵێتی خراپانە جێگای نیشتەجێبوونی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کەمدەرامەتی ئەو دوو وڵاتەیە، بۆیە زۆربەی قوربانیەکان لەوانن. کاتێکیش رەگەزپەرستی و شۆڤێنیزمی بۆرژوازی تێکەڵ بەپرۆسەی فریاکەوتنی لێقەوماوان دەبێت، لەبەرئەوەی زۆربەی ناوچە کارەساتبارەکان کوردزمانن، ئیتر بۆگەنبوونی سیستەمی چینایەتی مێشکی مرۆڤ کاس دەکات!

بەوجۆرە، ئەو بومەلەرزەیەی کە بە رواڵەت وەک کارەساتێکی سروشتی دەردەکەوێ کە مرۆڤ لە بەرامبەریدا دەستەوەستانە، بەشێکە لە کارەساتەکانی سیستەمی سەرمایەداری بۆ مرۆڤی کرێکارو زەحمەتکێش!

☆

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

رێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
فایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
oct.1917@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# ئایا کێشەکانی هەرێم چارەسەر دەبن!؟

عوسمان حاجی مارف

ڕۆژ نیە لە میدیاکانەوە دەربارەی کێشەکانی هەرێم نەبیستین، چەندین هەواڵ و ڕاپۆرت و وتارلە دیدگای جیاوازەوە سەبارەت بەو کێشانە دەخوێنینەوە،کە سی ساڵ زیاترە ئەم حاڵەتە دۆخی کوردستانی داگرتووەو سەرقاڵیەکی ناجۆروقێزەوەنی وەهای خوڵقاندوە، کە هەمیشە دودڵی و دڵەڕاوکێ و نائارامی لە ناو خەڵکدا پێکهێناوە. هەڵبەتە گومانی تیا نیە پاش جەنگی کەنداوو داگیرکرنی عێراق لەلایەن هێزە سەربازیەکانی دەوڵەتی ئەمریکاوە، گێژاوو ناجێگیری سیاسی لەماوەی ئەم سی ساڵەدا بۆتە حاڵەتێکی دیفاکتۆی بنەمای ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی عێراق و کوردستان. هەروەها ماوەبەماوە، ساڵ دوای ساڵ، ئەم هەلومەرجە لەسایەی ڕۆڵ و نەخشی ئەمریکا و دەخالەت و بەرژەوەندی وولاتانی ناوچەکەوە، کێشمەکێشی وولاتانی زلهێزی دنیا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، هەروەها جێگاو ڕێگای هێزە میلیشیاکانی دەسەلاتدار لە عێراق و کوردستاندا، دۆخەکەی لە حاڵەتێکی نالەبارترو ئاڵۆزترو بێ ئاسۆیی زیاتردا نیشانداوە. بەمانایەک کێشەکانی هەرێم، جا هەرکەس هەرجۆرە لێکدانەوەیەکی بۆ ببینێتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە، سی ساڵ زیاترە مۆتەکەیەکە بە سەر سنگی خەڵکی کوردستانەوە، قورسایی تەواوی لەسەر ژیان و گوزەرانی ئەو خەڵکە داناوە، کە لە بێچارەیی و بێئومێدیداهەمیشە ئەو خەڵکە لە چاوەڕوانیدان لەبەرامبەر ئایندەیەکی نارۆشن و نادیاردا، لەهەمانکاتدا کێشەکانیش نەک چارەسەر نابن بەڵکو جار لەگەڵ جار ڕوخسارێکی پێچیدەترو تاریکتر و بنبەستر دەنوێنێت.

مەسەلەیەک کەپێویستە بەدیاریکراوی ئاماژەی پێ بدەین، دەستنیشانکردنی خودی کێشەکانە لە هەرێمدا، واتە بەرلەوەی بگەینە ئەو پرسیارەی ئایا کێشەکان چارەسەر دەبن؟ واتە پێویستە لە خودی واقعیەتی کێشەکان و پێکهاتەکانیەوە ئەنجامگیری بدەین بەدەستەوە.

ئەوەی لە ڕواڵەتدا نمایش دەکرێت ئەو گرفتانەیە کە لە مەیدانی سیاسی عێراق و کوردستاندا هێزە سیاسیەکان لە سەر پێکهاتنی حکومەت و ناوچەی نفوزو نەوت و بودجە و بازرگانی وەبەرهێنان..هتد پەیوەندی و دانوسان و گفتوگۆو کێشمەکێشی بەردەومیان هەیە. لەڕاستیدا ئەمانە بۆخۆیان کێشەی پەیوەندی و بەرژەوەندی نێوان ئەو حزب و هێزە سیاسیانەن کە دەموچاوی حکومەتی کوردستان و عێراق پێک دەهێنن. هەڵبەتە کێشەیەکی واقعین کە بەدوای جەنگی کەنداوەوە وەک هێزی میلیشیای تالآنچی لە سەر شانۆی سیاسی کوردستان و عێراق بونەتە هێزی کاریگەرو بنەڕەتی لەسەر دیاریکردنی ئایندەی سیناریۆیەکی پڕ لە گێژاوو نائارامی سیاسیدا. واتە کێشەکانی هەرێم وە لە هەمانکاتدا کێشەکانی عێراقیش بەجیا لە هەر هەلومەرجێکی سیاسی و کاریگەری کێشمەکێشی وولاتانی زلهێزی دنیا لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە، حزوری ڕۆڵی حزبە ناسیۆنالست و ئیسلامیەکانیش ڕۆڵێکی تەواو نەرێنی و نەخوازراوو وەها نائیسانیان دیوە کە دەتوانین لە بەرامبەر مامەڵەیان بە تەواوی کێشەکان و نالەباری دۆخەکەدا بەرپرسیارو تاوانباریان بکەین. بە مانایەک بنەمای کێشەکان لەماوەی سی ساڵ زیاترە، حزبەکانی کوردایەتی دەسەلاتدار بەتەواوی پێکهاتەو ئۆپۆزیسیۆنەکەشیانەوە، بۆ خۆیان خودی کێشەکانن و فاکتەری کێشەکانیشن.

بۆنمونە، لەهەر ئاستێکدا باسی پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی بکرێت، لە ڕێکەوتن یا ڕێنەکەوتن، هیچ کات مایەی ئومێدی کۆتاییهێنان نەبووە بە ناجێگیری سیاسی لە کوردستاندا، واتە لە نێوان خۆیاندا لەهەر حاڵەتێکی پەیوەندیدا بوبن، کاریگەری ئەرێنی کە بە قازانجی ئارامی و ژیان و گوزەرانی دۆخی خەڵکی کوردستان بێت ڕوی نەداوەو ڕوش نادات.

پارتی و یەکێتی وەک دوو هێزی میلیشیایی مافیا ئاسا لە ماوەی سی ساڵی ڕابردودا تەنها گوزەراندنی گەمەی سیاسی و بەرامبەرکێیان بۆ هەوڵدانی ڕاگرتنی بەلانسی نفوزو هێزی سیاسی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەو تالآنچێتی بووە، ئەو هەوڵدانەیان بۆ ڕاگرتنی بەلانسی هێزەکانیان و ئاستی کاریگەری چونیەتی گەمەکانیان جێگەوڕێگای سیاسی دیاریکردون، کە بەگشتی لەو بوارەدا پارتی توانیویەتی هەمیشە فشار بخاتە سەر یەکێتی ومەوقعیەتی بالآتری خۆی لە پرۆسەی بەردەوامی کێشمەکێشیاندا بپارێزێت و لە ئاستێکی دیاریکراودا گرەوی لە یەکێتی بردۆتەوە هەوڵەکانی پارتی لەم گەمەیەدا بەردەوام لە ڕاستای بچوککردنەوەو لاوازکردنی یەکێتیدا بووە، وە تا ئێستاش ئەم گەمە سیاسیەیان نەوەستاوەو ناوەستێت، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا ئاشکرایە کە یەکێتی و بنەماڵەی تاڵەبانی لە بەردەم چ واوەیلایەکی هێرشەکانی بنەماڵەی بارزنیدا گیریان کردووە. نادیارە کە ئایا بەرگە دەگرن یان نا، وە

تاکەی ئەتوانن بەم شێوەیە بمێننەوە؟! لەلایەکی تریشەوە کێشەکانی هەرێم و حکومەتی ناوەند هەر لە هێنان و بردن و بێسەرەوبەریدایەو گرێ کوێرەیەکە ناکرێتەوە.

ئەتوانین ئەوە دەست نیشان بکەین کە ئەم شەڕو کێبرکێ و ململانێیەی نێوان پارتی و یەکێتی، بارزانی و تاڵەبانی، زۆنی زەردو زۆنی سەوز، یان بەجۆرێکی تر بڵێین کێشەکانی هەرێم، گرفتێکی بنەڕەتی و گەورەی دۆخی نائارامی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانی عێراقەو بێ کۆتاییە، کێشەیەکی بێ چارەسەرە، بێ چارەسەرە بەو مانایەی تا ئەو دوو هێزە سیاسیەی بزوتنەوەی کوردایەتی لە مەیدانی سیاسیدا وەک دوو هێزی میلیشیایی دەسەڵاتدار بونیان هەبێت، کردنەوەی دەرگای ئاسۆیەکی گەش محاڵە. ئەمەش ئەزمونی دەسەڵاتی سی ساڵەیان ئەوەی سەلماندوە کێشەکانیان بێ چارە دەمێنێتەوەو بارێکی گرانن بەسەر ژیانی خەڵکەوە.

ئەم دۆخە لە هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا ناچارمان دەکات بڵێین تەنها یەک ڕێگا هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان و دابینکردنی ئارامی سیاسی و ڕزگاری خەڵکی کوردستان، ئەویش کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی.

★

# ووتەی دەشتی جەمال لە خۆپیشاندانی "ڕۆژی پشتیوانی لە خرۆشانی خەڵکی ئێران" ڕۆژی ٨ ی شوبات لە لەندەن

خەڵکی ئێران خوازیاری ئازادی ویەکسانی وبەدیهێنانی ژیانێکی باشترن

بەناوی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جوولانەوەی کرێکاریی ئێران بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەین.

ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم پەرلەمانی بەریتانیا کۆبووینەتەوە تا بەدەنگی بەرز پشتیوانیی خۆمان بۆ خرۆشانی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و خەڵکی ئێران ڕابگەیەنین کە ماوەی ٤ مانگە دژی ڕژێمێکی کۆنەپەرست و سەرکوتگەر، سەرباری کوشتنی سەدان کەس و زیندانیکردنی دەیان هەزار کەس بەردەوامە. لێرەین بۆئەوەی پشتیوانیی خۆمان بۆ بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران نیشان بدەین، کە لەلایەن ڕژێمێکی تیۆکراسی دژە کرێکارییەوە بە درندانەترین شێوە سەرکوت دەکرێ و ڕابەرانی لە زیندان توند دەکرێن و دروستکردنی سەندیکای سەربەخۆ و مانگرتن و خۆپیشاندان بۆ مافە سەرەتاییەکان بە تاوان دەژمێردرێ و ئاکامەی زیندان و ئەشکەنجەو بگرە لەسێدارەدانە!

ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەراسەریە بۆ هاوپشتی لەگەڵ ڕاپەڕینی شۆڕشگێرانەو بزووتنەوەی کرێکاری ئێران. ئەم خۆپیشاندانەی ئەمڕۆ لەلایەن دەیان یەکیتی کرێکاری لە ئاستی ئەورووپا و ئەمریکاو کەنەدا پشتیوانی دەکرێت و ئەوانیش بەناردنی پەیام و بە ڕاگەیاندنی خۆپیشاندان و ڕیپێوان لەشارە گەورەکان پەیوەستبوونی خۆیان بە داوکارییەکانی ئەم نارەزایەتیەوە دەربڕیوە.

چوار مانگە ژنانی ئێران بۆ سەرەتاییترین ماف، واتە ئازادی جل پۆشین و دژی حیجابی زۆرەملێ ڕژاونەتە شەقامەکان و بەداخەوە تائێستا دەیان کچی گەنج کوژراون، یان بەدەستی ئەنقەست کەمئەندام کراون، یان لە زیندان توندکراون. لاوان کە دەیانەوێ وەکو هاوتەمەنەکانی خۆیان لە دنیا ئازادانە بژین و بیربکەنەوە و ژیانێکی هاوچەرخ بژین، ڕووبەڕووی کوشتن و لەسێدارەدان و زیندان بوونەتەوە! خانەنشینان، مامۆستایان، بێکاران، خەڵکی کەمدەرامەت هەموو ماوەی ٤ مانگە هاوار دەکەن نامانەوێ چیتر لەژێر سایەی دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامیدا ژیانی کولەمەرگی و هەژاری ڕەها بەسەر بەرین و هەژاری و برسێتی ببێتە نسیبی خۆمان و خێزانەکانمان. ئێستا سەرجەم خەڵکی ئێران دژی دەسەڵاتی ٤٠ ساڵەی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران دەنگیان هەڵبڕیوەو داوای ئازادی و یەکسانی و ژیانێکی شەرافەتمەند و هاوچەرخ و ئینسانی دەکەن. ئەوانیش دەیانەوێ وەکو ئێمە بژین! بەڵام ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بە کوشتن و زیندان و سێدارەو تیرۆر وەڵامیان دەداتەوە!

ئەم بزووتنەوە جەماوەرییەی کرێکاران و ژنان و لاوان و سەرجەم توێژە بێبەشەکانی ئێران، بە کوشتنی مەهسا ئەمینی لەلایەن "پۆلیسی ئەخلاق"ی ڕژێمی ئێرانەوە تەنها لەبەرئەوەی حیجابەکەی بەدڵی ئەوان نەبوو، تەقیەوەو سەراپای ئێرانی گرتەوەو بناغەکانی کۆماری ئیسلامیی هێناوەتە لەرزین. دروشمە سەرەکییەکەی "ژن، ژیان، ئازادی"یە. خەڵکی ئێران خوازیاری ڕوخاندنی سیستەمی حوکمڕان و دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی نوێن لەسەر بنەمای ئیرادەی ئازادانەی خەڵک بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسی خۆیاندا.

کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جوولانەوەی کرێکاریی ئێران کە لە پەرلەمانی بەریتانیا لە ٢٨ی مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ لەسەر دەستی جۆن مەکدۆنیل و چەند هەڵسووڕاوی یەکێتییە کرێکارییەکانی بەریتانیا و ژمارەیەک هەڵسووڕاوی داکۆکیکار لەمافەکانی

ژنان و کرێکاران و ئازادیخوازان پێکهات، کاردەکات تا کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهۆی تاوانەکانیەوە دژی خۆپیشاندەران، لەئاستی نێودەوڵەتیدا تەریک بکرێتەوە. فشاری بخرێتەسەر تا دەست لە کوشتن و زیندانیکردن و لەسێدارەدانی خۆپیشاندەران و رابەرانی کرێکاری و هەڵسووڕاوانی سیاسی هەڵگرێ. کاردەکات لەسەر راکێشانی پشتیوانی بزووتنەوەی کرێکاری و رێکخراوو کەسایەتیە چەپ و مرۆڤدۆست و پێشکەوتنخوازەکانی بەریتانیا بۆ خرۆشانی جەماوەری و بزووتنەوەی کرێکاری ئێران. ئەم کۆمیتەیە تیشک دەخاتە سەر پرسەکانی ژنان و دژایەتیکردنی ئاپارتایدی جێندەری لە ئێران. ئەم کۆمیتەیە هەوڵ دەدات لەسەر ئاستی جەماوەری و رەسمی فشار بۆسەر رژێمی ئیسلامی دروست بکات تا دەست لەسەرکوت و کوشتاری خۆپیشاندەران هەڵبگرێ و ئازادی جلپۆشین، ئازادی دروستکردنی سەندیکا و رێکخراوی کرێکاریی سەربەخۆ، ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی بەرەسمی بناسێت. سزای لەسێدارەدان هەڵوەشێنێتەوە. پۆلیسی ئەخلاق هەڵوەشێنێتەوە! سەرجەم زیندانییە سیاسیەکان و خۆپیشاندەرانی زیندانی ئازادبکات و ئەوانەی تەقەیان لەخەڵک کردوە، ئەشکەنجەی خۆپیشاندەرانیان داوە و سزای سێدارەیان بۆ خۆپیشاندەران دەرکردووە رووبەرووی لێپێچینەوەی یاسایی ببنەوە!

ئەم کۆمیتەیە لەنزیکەوە چاودێری نارەزایەتیە نەپچڕاوەکان و مانگرتنی بەردەوامی کرێکارانی ئێران دەکات، لەوانە پیشەسازیی نەوت و گاز و پترۆکیمیایی و کارگەی تواندنەوەی ئاسن و پیشەسازیی شەکری "هەفت تەپە" و کارمەندان و مامۆستایان و پەرستارەکان و ...هتد. هاوکات کۆمیتەکە باوەڕی وایە کە هاودەنگیی نێودەوڵەتی لەگەڵ خەباتی چینی کرێکار بۆ ئازادی بنەمایەکی سەرەکیی بزووتنەوەی کرێکارییە.ئەم کۆمیتەیە لەرێگەی فشارەکانیەوە بۆسەر حکومەتی بەریتانیا کار دەکات بۆ داخستنی باڵوێزخانەی ئێران لەبەریتانیا و دەرکردنی دیبلۆماتەکانی. لەئاستی یەکێتیە کرێکارییەکاندا کار دەکات بۆ دەرکردنی نوێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رێکخراوی کاری جیهانی. هاوکات کاردەکات بەئاراستەی ئەوەی رێگا بدرێ خەڵکی ئێران ئازادانە بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆیان بدەن و دەوڵەتان دەخاڵەت لەبڕیاری سیاسیی ئەواندا نەکەن. خەڵکی ئێران نایانەوێ دووبارە رژێمی پاشایەتی کە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر روخاندیان، ئەمڕۆ بەناوی شۆڕشەوە لەلایەن وڵاتانی رۆژئاواوە وەکو بەدیل بەسەر خەڵکی ئێراندا بسەپێنرێت. نایانەوێ لەژێر دروشمی "رژێم چەینج"دا، داخوازییەکانی جەماوەری خەڵک بەلاڕێدا بەرن.

داواکارم هەموان پێکەوە بتوانین ئەم کۆمیتەیە بەهێزبکەین و دەورمان هەبێت لە پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی جەماوەری نارازی ئێران بۆئازادی و یەکسانی و بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر.

سوپاستان دەکەم.

## کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جولانەوەی کریکاری ئیران- لەندەن

SOLIDARITY WITH
THE IRANIAN WORKERS MOVEMENT

یاداشتنامەیەک بۆ بەردەم پەرلەمان وحکومەتی بەریتانیا

پاش سلاو...

کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ جولانەوەی کرێکاری ئێران کە لەلایەن چەندین رێکخراوەکانی ژنان وئاکتڤیستی داکۆکیکار لەمافەکانی خەڵکی ئێران وبەبەشداری جۆن مکدونالد ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا پێکهاتووە ئەمڕۆ ٨شوبات لە پەرلەمانی بەریتانیا ئەم کۆبوونەوەی راگەیاندوە.بەمەبەستی پشتیوانی لە خۆپیشاندانو ئەونارەزایەتییەی کەژنان ولاوان وخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئێران لەدژی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرێیان خستوە، رژێمێک کە زیاتر لەچل ساڵە سەرکوت وئیعدامو بێمافی بەسەر هاولاتیاندا داسەپاندووە داوادەکەین لە پەرلەمان و حکومەتی بەریتانیا کە چیتر رێگا نەدەن بەو کوشتارو بێمافیو سەرکوتگەریەی خەڵکی ئێران. چیتر رێگانەدەن کۆماری ئیسلامی ئێران مافو ئازادیەکانی ژنان وهاولاتیان ژێرپێبنێ. ئێمە داوادەکەین کۆماری ئیسلامی ئێران لەئاستی نیو دەولەتیدا تەریک بکرێتەوە و دەستی کوشتن وزیندانو لەسێدارەدان لەسەر خەڵکی ئێران هەڵگرێ. هاوکات داوای داخستنی دەستبەجێ باڵوێزخانەی ئێران دەکەین لەبەریتانیا ودەرکردنی دیبلوماتکراەکانیان. هاوکات ئەم کۆمیتەیە داوادەکات دەستبەجێ کۆماری ئیسلامی ئێران لە لەریکخراوی کاری جیهانی دەربکرێت. هاوکات داوا دەکەین کە رێگا بدەن خەڵکی ئێران ئازادانە بریار لەسەر چارەنوسی خۆیان بدەن ودەولەتان دەخالەت لەبریاری خەڵکدا نەکەن و فشاربهێنن وەنارەزایەتی دەربڕن بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئەم خواستانە بەکردەوەدەربهێنێ:

١-راگرتنی دەستبەجێ سزای لەسیدارەدان.

٢-لەئازادکردنی دەستبەجێ زیندانیە سیاسیەکان

٣-کۆتایهێنان بە تەقەکردن و توندوتیژی بەرامبەر خۆپیشاندەران و میلیتاریزەکردن و گەمارۆی شاروشاروشاروچکەکان.

سزادانی هەموو ئەوانەی خۆپیشاندەرانیان کوشتوە.

★

# داوای دابەزینی بەهای دۆلار یان زیادکردنی کرێ؟

جەمال موحسین

مەسەلەی یاریکردن بە بەهای دۆلار لەبەرامبەر دیناردا ئەم ماوانەی دوایی کرایە مەشغەڵەیەکی سەرەکی بۆ خەڵک: بە مانای جەماوەری کرێکار و بێبەش و کاسبکار و وردە خاوەنانی دۆلاریش. ئەمانەی دواییان بابەتی ئەم وتارە نییە! کرێکارێک کە کرێ یان موچەیەکی دیاریکراوی هەیە بۆچی دیقەتی ئەم مەسەلەیە ئەدات و بەهای دۆلاری بۆ گرنگە؟ کاریگەری ئەم یاریە بە دۆلارەوە لەسەر ژیانی خەڵکی هەژار چییە و ژیانیان بەرەو کوێ ئەبات؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە بە شێوەیەکی سەرەکی هەر کرێکارێک، هەر زەحمەتکێش و هەر کەسێکی هەژار ئەیخاتە بەردەم تەواوی کۆمەڵگە. پێویستە بڵێین ئەوەی ڕوو ئەدات بەهای دیناری عێراقی لەچاو دۆلار یان هەر دراوێکی تری جیهانیدا کە مامەڵەی پێوە ئەکرێ، دائەبەزێ، مانای هەڵاوسانە.

بە گشتی و بە کورتی هەڵاوسان بەشێکی دانەبڕاوە لە سیستەمی چینایەتی سەرمایەداری و لێی جیانابێتەوە، ڕێک هەر وەک قەیران و بێکاری و گرانی و شتی لەم چەشنە. بەجیا لەم حوکمە گشتیە، ئێستا چەند مەسەلەیەکی تر لە عێراقدا لەم هەڵاوسانەدا کاریگەری هەیە. وڵات خۆی بە قەیرانێکی ئابوری و سیاسیدا تێئەپەڕێ و هاوکاتیش وابەستەیە بە بازاڕی جیهانی و ئەو فشارانەی کە لەلایەن بانکی نێودەوڵەتیەوە لەسەریەتی.

مەعلومە لە دۆخی ئێستای عێراق و کوردستاندا ئەوە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشن کە بە ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان باجی قەیران و نەبوونی و بێکاری و گرانییان داوە. ئەم نزمبوونەوەی بەهای دیناری عێراقیەش کە هاوشانی ئەو کێشانەی تر و بە تایبەتی گرانبوونی پێداویستیەکانی ژیان و خزمەتگوزاریەکان ئەڕواتە پێشەوە هەر ئەو خەڵکە هەژارە ئەکاتە قوربانی. سیاسەتی دەوڵەت لە عێراق لە سەردەمی عادل عەبدولمەهدی و کازمیەوە کە بەهای دۆلاری بەرامبەر دیناری دیاریکردووە لە ڕێڕەوی ئەم هەڵاوسانەدا بووە کە دیناری عێراقی تێیکەوتووە. بێگومان ئەم گۆڕانکاریە لە بەهای دیناری عێراقیدا کاریگەری ڕاستەوخۆی خۆی لەسەر ژیانی خەڵک داناوە. نرخی خۆراک و شتومەک و پێداویستە سەرەتاییەکان و خزمەتگوزاریەکان تا دێت بەرەو سەر هاتوون و کرێی کرێکاریش هەر لە جێی خۆی بووە. دیارە لە کوردستان ئەم کرێ و موچەیە هەمیشەش دواخراوە و لە هەندێک حاڵەتی کۆمپانیاکاندا کەمیش کراوەتەوە. کەواتە ئەتوانین ببینین کە سیاسەتی حکومەت (لە ناوەند و هەرێم) لەپاڵ سەپاندنی سکهەڵگوشین و نەهێشتنی خزمەتگوزاریەکان و گرانیدا لە خزمەت بە زیاتر نزمکردنەوەی ئاستی کرێ و بژێوی کرێکاران و خەڵکی کەمدەرامەتدایە، چۆن؟

دەسەڵات بۆ ئەوەی خۆی لە قەیرانەکانی ڕزگار بکات، ناچارە بیدات بەسەر خەڵکی بێبەشدا. وەک ئەبینین سیاسەتی فەرامۆشکردنی خەستەخانە و قوتابخانە و خزمەتگوزاریەکانی تر پیادەئەکەن تاکو لەپاڵیدا بتوانن ئەوانە لەڕێی پرۆژە و کۆمپانیاکانی خۆیانەوە دابین بکەن و لەلایەک فشارە بۆ جەماوەری بێبەش و لەلایەکیشەوە مایەی قازانجێکی زیاترە بۆ خۆیان. بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم لەژێر ناوی چاکسازیدا کە جگە لە سەپاندنی باجی زیاتر و نزمراگرتنی کرێ و موچەی کرێکاران و فەرمانبەران و دەستاوەڵاکردنی سەرمایەداران و کۆمپانیاکانیان شتێکی تر نییە، بۆ هێرش کردنی زیاترە بۆ سەر ژیان و مافەکانی کرێکاران. مەسەلەی هەڵاوسانیش هەر ئەیانەوێ بەسەر شانی خەڵکی کرێکار و مەحرومدا بشکێنەوە. ئەوان ناتوانن ڕاستەوخۆ کرێ و موچە دابەزێنن و سەعاتی کار زیاد بکەن و کاری زیادە ئەگەر هەشبێ بسەپێنن بەسەر خەڵکدا تاکو پاساوێکی واقعی بە دەستیانەوە نەبێ. تەماشای ئەو ئالوگۆڕانە بکەین کە لەم دۆخی قەیراناوی و هەڵاوسانەدا لەئارادان، ڕۆشن ئەبێتەوە.

نرخی خۆراک و سوتەمەنی و پێداویستیە ڕۆژانەییەکان هەتادێ بەرەو سەر ئەڕوات. کاتێک هەڵاوسانیش لە ئارادایە و بەپێی بڕیار و سیاسەتی خۆیان یاری پێئەکەن، ئەم نرخانە ڕوو لە هەور ئەکەن. بەڵام کرێی کرێکار و موچەی فەرمانبەران لەجێی خۆیدایە. گەر لێی وردبینەوە، بۆ نمونە کاتێک بەهای دۆلار لە دەوری ١٢٥ هەزارێکدا بووبێ، کرێکارێک ڕۆژانە ٢٠ بۆ ٢٥ هەزاری هەبووە. وە نرخی خۆراک و پێداویستیەکان لە ئاستێکدا بووە کە بەهەزار حاڵ بۆ کرێکارەکە و خێزانەکەی بەشی ئەوەی کردووە هێزی تێبهێنێ و سبەی بچێتەوە سەرکار. کاتێک بە بیانوی بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار بۆ سەرو ١٧٠ هەزاریش نرخی خۆراک و کەلوپەلی پێویست چەند قات چووە سەرەوە، کرێکە خۆ هیچ زیادبوونێکی بەخۆیەوە نەبینیوە. ئەگەر جیاوازی بەهاکە لە نێوان ١٢٥ هەزارەوە بۆ ١٧٠ هەزار وەربگرین ئەکاتە نزیکەی ٢٦%. واتە بە نزیکەییش ئەم ڕێژەیە لە نرخی کڕینی خۆراک و شتوکەمدا چۆتە سەرەوە. لە کاتێکدا کە کرێی کرێکار هەر لە جێی خۆیەتی وەک ئەوە وایە، ئۆتۆماتیکی ئەو ٢٦% لە کرێکەی کەم کرابێتەوە، واتە دزرابێ و جیاوازیەکەش بۆتە قازانجی زیاتر و چۆتە خەزێنەی کۆمپانیاکان و سەرمایەدارانەوە کە حکومەت و دەوڵەتیش ئەمەی بۆ ڕێکخستوون! ئێستا ئەگەر بەپێی بڕیاری حکومەتی عێراقی بەهای دۆلار لە ١٣٠ هەزاریشدا جێگیر بکرێ (کە مەرجیش نییە بۆی بچێتە سەر) هێشتا نزیکەی ٤% ئەچێتە سەر. خۆ ئاوهاش

نییە کە نرخی پێداویستییەکان بەو ڕێژەیە دابەزێتەوە. کەواتە کرێکار بۆ ئەوەی دەرەقەتی کڕینی هەمان ئەو پێداویستیانە بێت کە ڕۆژانە ئەیکڕی ئەبێ بیر لە کردنی کاری زیادە بکاتەوە لە کاتێکدا هەلی کار بۆ بێکاران نییە چ جای ئەوەی خەڵک کاری ئەوەندە و نیو و دوو ئەوەندەی کارەکەی پێشووی دەست بکەوێت و بیکات. ڕەنگە ناچار ببێ دەستگێری بکات، یان بە هەر وەسیلەیەکی تر بەشی پێداویستیەکانی دابین بکات. لە کاتێکدا کە ئەم هەل و بوارەش وەک ئەبینین بەرتەسکە و بەردەست نییە، یانی بە ناچاری ئاستی ژیانی خەڵکی بێبەش لەوەش خراپتر دێتە خوار و جۆرێتی ژیانی داغان ئەبێت. زیاتر لە هەژاری و نەبوونیدا نوقم ئەبێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: کەواتە ئایا ئەبێ کرێکاران و خەڵکی زەحمتکێش داواکارییان ئەوە بێ بەهای دیناری عێراقی بەرزبێتەوە، یان بەهای دۆلار کەم بێتەوە؟! لەنێو ئەو میکانیزمەی بازاڕ و سوود و قازانجی سەرمایەداران و حکومەت و دەوڵەتەکەیاندا ئەم داوایە هیچ بۆ کرێکاران ناکات. کرێکاران و خەڵکی بێبەش پێویستە سەرەتا سەرچاوەی ئەو هەڵاوسان و یاری کردنە بە دینار و دۆلار بە دەسەڵات و حکومەت بزانن (هەم ناوەند و هەم هەرێم). ئەوان دەسەڵاتەکەیان سەر بە سیستمێکە کە هەمووی هەر فەوزا و نائاسایشیە. ئەوان هەر بڕیار و سیاسەتێک دەربکەن سەرئەنجام ئەیشکێننەوە بەسەر جەماوەردا. هەروەک چۆن زیادکردنی باج و دواخستنی موچە و کرێ و ناچارکردنی خەڵک بە کردنی کاری زیادە خەتای دەسەڵاتە، ئاوهاش شکاندنەوەی نەهامەتیەکانی ئەم هەڵاوسانە بەسەر شانی خەڵکدا ڕاستەوخۆ خەتای دەسەڵاتە. بەڕاستیش هەروەک چۆنیش خەڵک بۆ باشبوونی ژیانی نارەزایەتی بە دژی ئەوان دەربڕی و پێویستە ئێستاش نارەزایەتیەکە ڕوو لەوان بکات. بەڵام بێگومان بە خواست و داواکاری ڕۆشنەوە.

گۆڕانکاری لە بەهای دۆلار و دیناردا خواستی خەڵکی کرێکار و بێبەش نییە. ئەوان خواستی بەرزکردنەوەی کرێ و موچەیان هەیە، پێ بەپێی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک و گرانبوون. ئەگەر هەڵاوسان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کرێوە هەیە، پێویستیشە بۆ دژوەستانەوەی هەڵاوسان ڕاستەوخۆ خواستی بەرزبوونەوەی کرێ بەدەستەوە بگیرێت. هاوکات دابینکردنی پێداویستیەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی و گواستنەوە و سوتەمەنی بە خۆڕایی پێویستە خواستی هەر ئێستامان بێت، لە کاتێکدا کە داهات و بەرهەمی کۆمەڵایەتی ئەوەندە زۆرە کە توانای دابینکردنی ئەمانەی بۆ خەڵک تێدا بێت. ئیتر سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان کێوە پارەکانیان بە قاچاخ ئەبەنە دەرەوە یان لەڕێی بۆرسەی فەرمی جیهانیەوە ئەیکەن و بانکی جیهانی چ فشارێکیان بۆ ئەهێنێ، ئەوە کێشەی گیرفانی ئەوانە و نابێ بهێڵرێ کاریگەری قورستر لەسەر شانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دابنێ، سەرئەنجام ئاستی کرێکەیان لەخوارترەوە ڕابگرێ و ناچار بەکاری زیادە و شەونخونی زیاتریان بکات تەنها لە پێناو مانەوەی فیزیکیاندا. نابێ بهێڵین هەژارتر بوونی خەڵکی بێبەش ببێتە مایەی قازانج و کەڵەکەکردنی زیاتری پارە بۆ سەرمایەداران.

★

# سەردانی وەفدێکی کۆمیتەی سلێمانی بۆلای خۆپیشاندەرانی شارۆچکەی دەربەندیخان

ڕۆژی ٣ی شوباتی ٢٠٢٣ وەفدێکی کۆمیتەی سلێمانی حزب، بە بەشداری موحسین کەریم، سەرنوسەری بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر، سەردانی خۆپیشاندەرانی شارۆچکەی دەربەندیخانیان کرد کە ماوەی ٤ ڕۆژ بوو لە ناوەندی شارۆچکەکەدا خێمەی نارەزایەتیان دانابوو.

خواستی خۆپیشاندەران بریتیە لە دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە، لەبەرئەوەی ئاوی دەربەندیخان بەهۆی تێکەڵاوبوونی مادەی کیمیاییەوە بۆ خواردنەوە ناشێت، لەگەڵ کارەبای ٢٤ ی کاتژمێری نیشتمانی، چاکردنی ڕێگای دەربەندیاخ سلێمانی- کەلار و دابینکردنی سوتەمەنی و خزمەتگوزارییەکان.

شایانی ووتنە کە تا کاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش، واتە پاش تێپەڕبوونی ٨ ڕۆژ هێشتا خۆپیشاندان بەردەوامە.

تیمی کۆمیتەی سلێمانی حزب داوای لە موحسین کەریم کرد بەنوێنەرایەتی ئەوان ووتەیەک پێشکەشی ئامادەبوان بکات.

موحسین کەریم لە چوارچێوەی ووتەکەیدا، وێڕای ڕاگەیاندنی پشتیوانی حزب بۆ خۆپیشاندان و خواستەکانی خەڵکی دەربەندیخان، داوای لێکردن کە پێویستە خەڵک بەشێوەیەکی فراوان بەشداری ئەو خۆپیشاندانە بکات، بەتایبەتی داوای کرد کە ژنان پێویست دەکات بەشداری بەرچاویان هەبێت و بەشداری نەکردنی فراوانی خەڵک و بەتایبەتی ژنان یەکێکە لە کەموکوڕیەکانی خۆپیشاندانەکەو دەبێ بە هەموو هێزمانەوە بۆ سەپاندنی خواستەکانمان بێینە مەیدانەوە. هاوکات سەرنجی ڕاکێشان بۆئەوەی کە خۆیان ڕێکخراو بکەن و نوێنەرانێکی دڵسۆز کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و خواستەکانی ئەوان بکات، لەلایەن خودی خۆپیشاندەرانەوە هەڵبژێردرێن. چونکە بەبێ ڕێکخراوبوون توانای ئەوە نیە کە دەسەڵات ناچار بە ملدان بە خواستەکانیان بکرێت. شایانی ووتنە وتەکەی موحسین کەریم لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بە چەپڵە پێشوازی لێکرا.

★

## بڕیارەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سەبارەت بە"پرسی جێندەر" بڕیارێکی سەرکوتگەرانەو دژ بەئازادییە!

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نوسراوێکی ئاراستەی دەزگاو دامەزراوەکانی سنوری سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕین کردوەو داوایان لێ دەکات کەرێگا نەدەن هیچ جۆرە چالاکیەک سەبارەت بە پرسی جێندەر بەرێوەببرێت!. بێگومان بڕیارێکی ئاواش نەک هەر پێچەوانەیە لەگەڵ ئازادی دەربڕین چالاکی سیاسی، بەڵکو تووندکردنەوەی سەرکوت وسەپاندنی قەدەغەی هەڵسوڕان وچالاکیەکانی ڕێکخراوەکانی ژنانو لایەنگرانی پرسی جێندەرە. ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی پارێزگا هەنگاوێکی کۆنەپەرستانەیەوئاو دەکاتە ئاشی ڕەوتگەلێکی کۆنەپەرستو دژبەژنان وڕێکخراوەکانی، کەماوەیەکە لەدژی ژنان وئازادیەکانیان کەوتونەتە پەلەقاژەوە. هاوکات ڕاگەیاندنی بەڕەسمی چوونی دەسەڵاتی شاری سلێمانیە بۆ پاڵ ئەو هەوڵەی ئیسلامیەکان و موجامەلەکردنیان و هەروەها موجامەلە کردنی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانە. ئەنجومەنی پارێزگا، بەم بڕیارەی دەیەوێت نەک هەر ئازادیەکان سنوردابکات ، بەڵکو فەزایەکی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی لە ناوچەی سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕین داسەپێنی و ڕێگالەهەموو دەنگێکی پێشکەوتنخواز و دژە کۆنەپەرستی لەم ناوچەیەدا بگرێت ولەمریگایەشەوە ڕوخساری گەندەڵی و نایەکسانی و ئەو بێمافیەی کەدەسەڵاتداران بەسەر خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتدا دایان سەپاندووە ، داپۆشێت.

ئێمە لە کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەتووندی ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سەرکۆنە دەکەین و بە پێشێلکردنی ئازادی بیروبۆچوون و ئازادی ویژدان و سەپاندنی بیروبۆچوونی ڕەوتێکی کۆنەپەرست و دژە ژن و دژە مافە سەرەتاییەکانی ژنان و مافی مرۆڤ بەگشتی دەیناسێنین. بەدڵنیایشەوە دانیشتوانی سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕین کە سەدان قوربانیان لەپێناو ئازادیدا داوە ئەم هەوڵە لەدەسەڵاتدارانی هەلپەرستی سلێمانی قبوڵ ناکەن..

ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازو ئازادیخواز و سەرجەم ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ژنان و هەموو ئەوانەی بەرگری لە سیمای مەدەنی و شارستانی شاری سلێمانی و ناوچەکە دەکەن، نابێت ئەم کۆنەپەرستی و سەرکوتگەریە قبوڵ بکەن. دەبێت بەهەموو ڕێگایەکی کارامەوگونجاو دژی سەرکوتگەری و هەوڵەکانی دەسەڵاتداران بۆ بەئیسلامی کردنی کوردستان و ناوچەی سلێمانی بوەستینەوە.

**کۆمیتەی سلێمانی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢/٢/٢٠٢٣**

## بەیاننامەی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب بۆ پشتیوانی لە نارەزایەتی کرێکارانی فەرەنسا دژی بڕیاری بەرزکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی!

### خەباتی ئێوە خەباتی ئێمەیە!

**پشتیوانی لە نارەزایەتیە ڕەواکان لە دژی بەرزکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی لە فەرەنسا دەکەین!**

پلانی بۆرژوازیانەی ماکرۆن بۆ زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی لە ٦٢ ەوە بۆ ٦٤ جارێکی تر بۆوە مایەی نارەزایەتیەکی فراوان.



نارەزایەتی و خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکانی ئێوە ئەو ڕاستیەی سەلماندەوە کە کرێکاران، کە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگە هەڵئەسوڕێنن، ئەتوانن ڕاشیبگرن. نارەزایەتیەکانتان بووە هۆی پەکخستنی هاتوچۆی گشتی، داخستنی چەندین قوتابخانە و لەکارخستنی چەندین کارگە و کەرتە بەرهەمهێنەرەکان.

بەڵام هێشتا واپێئەچێ کە حکومەتەکەی ماکرۆن نەیەوێ وەڵام بەداواکاریەکەتان بۆ هەڵوەشانەوەی پێشنیاری بەرزکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی بداتەوە. لەکاتێکدا ئەمە لەپاڵ هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیەکانی ژیاندا بەسەرتاندا ئەسەپێندرێ و ئەیانەوێ ئێوە باجی هەموو ئەمانە بدەن. لەبەرامبەردا، خەبات و تێکۆشانی ئێوە ئەوە ئەسەلمێنێ کە ناتانەوێ هێرش بۆ مافەکانتان قبوڵ بکەن.

ئێمە لەکەنار ئێوە کرێکارانی فەرەنسادا ڕائەوەستین تا فشار بخرێتە سەر حکومەتەکەی ماکرۆن بۆ کشانەوەی پێشنیاری زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی. بە ئەرکی خۆمانی ئەزانین لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خەباتی ئێوە فراوانتر بکەینەوە.

سەرکەوتن بۆ خەباتی کرێکارانی فەرەنسا!

**ڕێکخراوی دەرەوەی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٤ ی جەنیوەری ٢٠٢٣**